
# ئەنجامدانی کرداری ژمێریاری لە پرۆگرامی Wordدا زۆر بەخێرایی



پرۆگرامـــی word کە لە ریـــزی پرۆگرامەکانی office ی مایکرۆســـۆفت دایە، لە ریزی یەکەمی ئەو پرۆگرامانە دایە کە ســـوودی زۆری لێوەردەگیرێ، لـــەکاری رۆژنامەوانیدا بەبێ پرۆگرامـــی word کارەکان بـــە دژواری بەرێـــوە دەچن، هەتا ئێستاش پرۆگرامی لەو باشـــتر نەهاتۆتە بەرهەم. بەڵام گرفتی ئـــەو پرۆگرامە لەوە دایە کـــە ئەرکەکانـــی وەك ژمێریاری پێ ئەنجام نادرێن، بۆ نموونە بۆ کردارێکی ژمێریاری زۆر بچووکیش دەبـــێ پەنا بۆ پرۆگرامی Excel بـــەرن، هەڵبەتە منیش تاکو دوای خوێندنەوەی ئـــەم بابەتە ئاگادار نەبووم، کە ئەو پرۆگرامە ئیمکاناتـــی جێبەجێکردنی کردارەکانی ژمێریاریشـــی هەیە. بۆ چـــالاك کردنی توانـــای ئەنجامدانی کردارەکانـــی بیرکاری ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر.

لە قائیمەی Tools دا بەشی Comstomize بکەنەوە. دوای کردنەوەی ئەوە پەنجەرەیـــەك دەردەکەوێت، لەو پەنجەرەیەدا لەلای قائیمەکان بەشـــی Tools Calculate بدۆزەوە. کە دۆزیتەوە لە ریزی قائیمـــەکان دایبنێ. دوای ئەوە هەرکاتێك کە کردارێکـــی بیرکاریت بۆ هاتە پێش بـــۆ نموونە 253+777 دوای ئەوە Enter لێبدە. ئێســـتاکە ئـــەو ژمارەیە (select) واتە دیاری بکە، دواتـــر فرمانی Tools Calculate لێبدە و پاشـــان دوگمەی Ctrl و V لێبـــدە، دوای ئەوە ئۆتۆماتیکی ئاکامەکەت بۆ دەردەکەوێت. ئەگەر تاقی بکەنەوە بۆتان دەردەکەوێت ئەنجامدانی کردارەکانی بیرکاری لە وۆرددا چەندە سانایە.



# سکاینەرێکی پێشکەوتووی EPSON

ســـکاینەر یەکێکە لە ئامرازە گرنگە لاوەکییەکانی کۆمپیوتەر، دوای کیبـــۆرد یەکەمین ئامرازە کە زانیـــاری بۆ ناو کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە، ئەرکی سکاینەر ئەوەیە کە ئەو بەڵگەی کە دەیخەیە ناو ســـکاینەرەکە جا بەڵگەکە وێنە بێت یان دەق، دەیگوازێتەوە بۆ ناو کۆمپیوتەر و لەوێدا دەتوانی دەستکاری بەڵگەکە بکەی.

ســـکاینەرەکان جۆراوجۆرن، دیقە و قەبارە و ئەرکەکانیشـــیان جیاوازە، هەندێکیان دەتوانن دەقی نووسین جارێکی دیکە بکەنەوە دەق.

کۆمپانیای Epson ســـکاینەرێکی نوێی هێناوەتە بەرهەم کە تەکنەلۆژییەکی تایبەتی لەگەڵدایە، ئەو وێنانەی کە سکانی دەکات ئەگـــەر کۆن و تۆز لێ نیشـــتبوو بـــوون، جارێکی دیکە نوێیـــان دەکاتەوە. جگە لـــەوەش پرۆگرامـــی Automatic scan cleaning تێدایـــە کە بە شـــێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵە زەقەکانی وێنە ســـکانکراوەکە لادەبات، وەك گچڵان و دڕان و پەڵەی سەر وێنەکە.

دیقەی سکان کردنەکەی زۆر بەرزە واتە 4800Dpi و جگە لەوەش لە پۆرتی USB2 ســـوود وەردەگرێ. هەروەها دەتوانێ فیلمی نیگەتیڤیش سکان بکا.

# وێب کەمێک لە شێوەی ئینجانە



وێبکەمێکـــی نـــوێ بەنـــاوی Boyne Alibi هاتۆتە بەرهەم کە جیاوازێکـــی زۆری هەیە لەگـــەڵ وێبکەمەکانی دیکە، دیقەی ئـــەم وێنەیە لـــە کاتی وێنەگرتنـــدا دەگاتە 3/1 میگاپیکســـل و لەکاتی فیلمهەڵگرتنەوەشـــدا 640×480 پیکسلە. ئەو وێبکەمە ســـپیکەرێکی تایبەتیشـــی لەگەڵدایە کە هێزی بڵاوکردنەوەکەی 5 واتە و خاوەنی مایکرۆفۆنیشە. بەمجۆرە بەکارهێنەر دەتوانێ هاوکات لەگـــەڵ بەرێ کردنی وێنە، دەنگیش بەرێ بکات و گوێ لە دەنگ بگرێ. شێوەکەی وەك ئینجانەی گوڵ دەچێت. ئەم وێب کەمە لەگەڵ کۆمپیوتەرەکانی MACی کۆمپانیای Appleیش دەگونجێ و لە پرۆگرامەکانی تەکنەلۆژیای VOIPیش پشـــتیوانی دەکات. لێنزی ئەو وێب کەمە توانای سوورانی 25 پلە بەشێوەی ستوونی و 300 پلە بە شێوەی ئاسۆیی هەیە. کێشی ئەو وێب کەمە 698 گرامە.

# کۆژاندنەوەی کۆمپیوتەر لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا



پرۆگرامی Beyond TV پرۆگرامێکی زۆر بەهێز بۆ TV ناوی Beyond TV پرۆگرامێکی زۆر بەهێزە کە لەلایەن کۆمپانیای Snap Strem Mediaهاتۆتە بەرهەم و ئیمکانی کۆنترۆڵ کردنی تەواوی تەلەڤزیۆنی ماڵ و تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی دیمەنی تەلەڤزیۆنی بە ئاستێکی بەرزەوە هەیە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە و بوونی سیستمێکی گونجاو هەندێك ئامرازی دیکە، ئێوە چەندین بەرابەر دەتوان لە سەیر کردنی تەلەڤزیۆن چێژ وەربگرن.

تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆگرامە:

تۆمارکردنی دیمەنەکانی تەلەڤزیۆن بە فۆرماتەکانی Divx، mpege. WMV

توانای بەدواداگەڕان لەنێو فیلم و پرۆگرامە جۆراوجۆرەکان، بەو مەرجەی کە تۆڕێکی ناوخۆیی پشتیوانی لێبکات. بردنە پێشی ڕێکلامە بازرگانییەکان بەشێوەیەکی هۆشمەند و ئۆتۆماتیك.

توانای هێنانەپێشەوەو بردنە دواوەی ئەو دیمەنانەی کە هەنوکە بڵاودەکرێنەوە، هەتا ٣٠ چرکە.

کۆپی کردنی فایلە خەزن کراوەکان لەسەر DVD بە دیقەیەکی بەرزەوە.

# لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە
# بزانن هاندی مۆبایلەکەتان عادیە یان ئەسڵی

پرۆگرامی Globev جێگای سەتەلایت دەگرێتەوە بەسوود وەردرتن لە پرۆگرامی Globev دەتوانن بە سانایی لە کۆمپیوتەرەکەتاندا زیاتر لە سێ سەد هەزار کەناڵی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی سوود وەربگرن. بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەتوانێ سەیری تەلەڤزیۆنەکانی جیهان بکەی و گوێ لە ڕادیۆکان بگری. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ بڵێین پێویستت بە سەتەلایت نابێت. ئەرکەکانی ئەو پرۆگرامە هەر لە توانای بڵاوکردنەوەی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆدا کورت نەکراوەتەوە، بگرە بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەتوانی بە خۆڕایی تەلەفۆن بکەی، هەروەها یەك گیگابایتیش شوێنی هەیە بۆ ئەپلود کردنی فلایلەکانی ئێوە. دوایین هەواڵەکانی جیهان کەش و هەوا، توانای بڵاوکردنەوەی فایلی دەنگ و ڕەنگ، توانای پەیوەندی گرتنی ڤیدیۆیی بۆ ئەوەانەی لە وێب کەم سوود وەرد گرتن لەو پرۆگرامە دا هەیە.

